بەشی سێیەم:

## جیابوونەوەی ئاین لەدەوڵەت و سیستەمی پەروەردە وفێرکردن.

مەحمود محەمەد عوسمان.
m_o_osman@hotmail.com

( قوتابخانە توانای هەیە سیستەمی کۆمەڵگە تا ئاستێکی زۆر بگۆڕی، کە لە توانای ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی تر نییە).3 جۆن دیوی

پەروەردە وفێرکردن بەشێکە لە سیستەمێکی گەورە بە ناوی سیستەمی ئابووری کۆمەڵایەتی. و پێوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ هەموو ناوندەکانی تری کۆمەڵگە و بە لایەنێکی گرنگ دادەنرێت بۆ گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگە، هەروەها گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە کاری ڕاستەوخۆی دەبێتە سەر ئەم بوارە و قوتابخانەش بەشدار دەبێت لەو گۆڕانکارییانە، بگرە ئەم وەک خوێنبەرێکی بەردەوام، توانا و وزە بەخشە، وەک سەرچاوەیەکی زیندوو دادەنرێت بۆ هەموو لایەنەکان و کۆمەڵگە لەمەوە وزە وەردەگرێت.

قوتابخانە دەرگایەکە بۆ ئامادە کردنی مرۆڤ بۆ گەشتن بە نهێنییەکانی ژیان و بۆ گەشتن بە هیوای تاکیش وەک گوزەران و هاتنەدی ئاواتەکانی و شوێنێکە بۆ بەشداری لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە،.

پەروەردە وەک سیستەمێک ڕەنگدانەوەی جۆری حوکمە، ئەگەر دەسەڵاتەکە دەسەڵاتێکی ئاینی بێت ئەوا پەروەردەیش ڕزگاری نابێت لەو مەعریفە کە پشتی بە قەدەر بەستووە، و ئەگەر دەسەڵاتەکە ناسۆینالیزم بێت یان لیبرال و یاخود کۆمۆنیست، لە سیستەمی پەروەردە ڕەنگدەداتەوە. بەڵام پەروەردە وفێرکردن دەبێت دووربێت لەهەر بەرنامەیەکی حزبی و ئایدۆلۆجی .

لەوەتی دەسەڵات خۆی ناساندووە وەک سەرچاوەیەکی ڕێکخستنی کۆمەڵگە، بە درێژایی مێژوو، و بە هەموو شێوەکانی، لە شێوەی دەسەڵاتی خێڵ و بەرەو دەسەڵاتی دوونیای ئەمڕۆ، پەروەردە و فێرکردنی کردووەتە ئامرازێک بۆ فراوان کردنی بەرنامەکەی و ئاگادارکردنەوەی نەوەکان بە سیما وبە بەرنامەی دەسەڵات و ناسینی دەستکەوتەکانیان، ولە هەندێ شوێن بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە گەشەیان نەکردووە و کۆن و موقەدەس حوکم دەکات، لە ڕێگەی پەروەردەوە دەبێت پیاوانی دەسەڵات و حزبی دەسەڵات و مێژووی سەرۆک بناسین. و لە لای ڕەوتە ئاینییەکان و بەتایبەتی ئیسلامی، دەبێت شەڕ و غەزاکان و شەڕە زمان و داستانە کۆنەکان بە شێوەی دەسەڵات و موقەدەس منداڵان پێی بەهەرمەندبن و ڕەنگە بە باوەڕنەبوونیان بەمانە یان بە ئیهمال کردنیان دەبێتە هۆی بێبەشیان لە بەردەوام بوونیان لە خوێندن و نەگەشتن بە قۆناغێکی تری خوێندن، کە هێچ زانستێکی پێ نابەخشێ و دەبێتە هۆی پەیڕەوکردنی بیروباوەڕی توندوتیژی. بەڵام قوتابخانە شوێنی زانست و ئەدەب و پێگەیاندنی و ئامادەکردنی تاکە بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگە.

پەروەردە و فێرکردن چالاکترین گۆڕەپانە کە بە بەردەوامی لە ژێر چاودێری دەسەڵاتە بۆ ناردنی

دەستووریان و مندالان هانبدات بۆ پشتگیری دەسەلات  و بۆ جوانکردنی.
هەر کەموکوڕیەک لەم بووارەدا هەبێت بە هەر شێوەیەک  کار دەکات سەر هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە و بگرە دەتوانین بڵێن کۆمەڵگە بەرەو ئیفلیجی دەبات. و هەر گۆڕانکاریەک لە سیستەمی سیاسی وڵات یان لە دەستوور رووبدات ئەوە کار دەکاتە سەر پەروەردە وفێرکردن.

## ئەمستردام یارمەتی لە قوتابخانەیەکی ئیسلامی دەبڕێت!!!

هۆڵەندا ئاینی لە دەوڵەت جوداکردووەتەوە، بەڵام هەموو ئاینەکان قوتابخانەی خۆیان هەیە، ئەلەم وڵاتە عەلمانیە، قوتابخانەی پرۆتستان و یەهودی و بوزی و ئیسلامی هەیە. ویارمەتی لە وڵاتیشەوە وەردەگرن.  و زۆربەی قوتابخانەکانی تر بە قوتابخانەی گشتی ناودەبرێت. ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان دەنێرن بۆ قوتابخانەی تایبەت بە ئاینەکان، زۆربەیان بیروباوەڕی ئاینیان هەیە.
لە 20 دیسەمبەر ساڵی 2006 زۆربەی ڕۆژنامەکان و بەتایبەتی هەفتەنامەی ( ئلسەفیر) باسیان لەوکرد کە شارەوانی ئەمستردام یارمەتی لە کۆلێجی ئیسلامی دەبڕێت لە ئەمستردام. زۆربەی خوێنەر پرسیاریان لا درووست بوو، هۆکەی ئەوە بوو بەشێوەیەکی بەرچاو ئاستی خوێندن زۆر نزمە لەم قوتابخانە و هەندی لەوانەی کە وانە دەڵێنەوە بڕوانامەکەیان لە ئاستی  وانە وتنەوە نییە، تەنانەت ماوەیان نەدا بە مامۆستایەکی ژن بە ناوی سەمیرە حەداد کە لە ڕەگەزدا تونسییە، بۆ ئەوەی وانەی عەرەبی بڵێتەوە چونکە حجابی لەسەر نییە!!!. هەروەها قوتابخانەی ئیبن خەلدون لە ڕۆتردام ئاستیان نزمە. ئەمانە ڕوودەدات لە کاتێکدا لە وڵاتێکی ڕۆژئاوای و عەلمانیەت دەژین، ئەی ئەگەر لە وڵاتێکی ئیسلامی بن یان دەستوور عەلمانی نەبێت، ئەوا تاکەکان بێبەش دەبن لە سەرچاوەی زانست و نهینییەکانی دونیا.
هیچ کات ئاستی قوتابخانە ئاینییەکان یان ئەوانەی کە لە ژێر دەستووری ئایندان ناگەنە ئاستی ئەو قوتابخانانەی کە ئاین جودایە لە پەروەردە و فێرکردن. هەر بۆیە لە وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسلامییەکان زۆر لە دوای ئاستی وڵاتانی ڕۆژئاوان.
لە سیستەمی جیاکردنەوەی ئاین لە پەروەردە و فێرکردن، هێزی حزبیش کۆتایی پێ دێت لە قوتابخانە، و قوتابخانە سەربەخۆ دەبێت. بەڵێ لەم وڵاتانەش حزبەکان دەستنیشانی وەزیری پەروەردە و هەندێ  ڕاوێژکار  دەکەن، بەڵام زانکۆکان و بەڕێوەبەرەکان و کارکردن لە بوواری پەروەردەدا بێ لایەنە و بەردەوام بوون لە خوێندن  پەیوەستە بە توانای کەسەکەوە نەک لەبەر هەر هۆیەک بێت. وێڕای ئەوەی کە بەتەواەتی پێویستییەکانی قوتابی لەم سیستەمە دابین ناکرێت و خەرجی خوێندن زۆر گرانە، بەڵام بۆ ئەم قوناغە ئەم سیستەمەی خوێندنە لە دەوڵەتی عەلمانیەتدا دەسکەوتێکی باشە و هەنگاونانە بۆ باشتر.

بۆچی جیابونەوەی ئاین لە سیستەمی پەروەردە پێویستییەکی هاوچەرخانەیە و

به سووده بۆ قوتابی؟.

1_: قوتابخانه شوێنی بەهرەمەندبوون وفێربوون و شیکردنەوەی هەموو دەستکەوت و داهێنانەکانی مرۆڤایەتییە،( بەگوێرەی پلەکانی خوێندن تا دەگاتە خوێندنی باڵا). ئەگەر هەر بەرنامەیەکی خوێندن لە هەر شوێنێکی ئەم زەوییە هاوتەریب نەبێت لەگەڵ دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرەکانی دونییا وپەرەسەندنەکانی زانستی و بەشەکانی تری مەعریفەت، و نەگاتە ناو قوتابخانەکان و شوێنێکی نەبێت بۆ گفتوگۆ و پشتگیری کردن و پەیڕەو نەکرێت، ئەوا ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئاینی و کۆمەڵگە درەنگ دەستیدەکەوێت وەیاخود هەر بێبەش دەبێت لەم دەستکەوتانە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر بەشەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی تەندرووستی و ژینگە. و ئەم دەستکەوت و پشکینانەی مرۆڤایەتییە یان پەرەسەندنانە هەندێکی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و هەندێک بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دژەبەریە لەگەڵ ئایندا، بەتایبەتی لە بوارەکانی خەڵق و مێژوو و زمان و تەندرووستی و بۆماوە و جینات. ئیتر یان ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ناچڵ باس دەکرێت و سوودی نابێت بۆ قوتابی یان دەبێت لابدرێ. بەڵام بە دوورخستنەوەی ئاین لە قوتابخانە و بەشەکانی تری فێرکردن، گۆڕەپان و تاقیگەکانی خوێندن ئاواڵەیە بۆ گەڕان بە دوای نهێنییەکاندا.

2_: لەبەر ئەوەی قوتابخانە کات و زەمەنی دیاریکردووە و بەرنامەکانی دیاری کراوە بە گوێرەی ساڵەکە، وەک دەزانین لە هەموو نەتەوەیەک فرە ئاین هەیە، ئەوا هەموو نەتەوەیەک ئارەزووی ئەوەیەتی کە قوتابخانەکان بەرنامەی ئاینەکەی ئەو بخوێنن و چیرۆکەکانی خۆیان باس بکەن، ئەمە کوشتنی کاتە و درووستکردنی ڕق و کینە لە نیو قوتابیاندا و هاندانە بۆ گۆشەگیری. خۆ ناکرێت بۆ هەموو ئاینێک وانەیەکی تایبەتی هەبێت.

3_ وانەی ئاینی ئیزدواجییەت لای قوتابی درووست دەکات، بۆ نموونە، مێژوو و بیردۆزەکانی داروین یان دۆزینەوەکانی جینات و نەگونجاندنی لەگەڵ باسەکانی ئایندا. دەیان نموونەی تر کە ڕۆژانە چێگەی باس و قسەکردنە. ئەو قوتابییەی کە نەوێری بڵێت ئەم مەتەڵانەی ناو کتێبە ئاینییەکان دوورە لە ڕاستییەوە و ئیمانم پێ نییە و ناگونجێ لەگەڵ ئەو تاقیکردنەوانە، و ناچاریش بێت بیخوێنێت و گوێ بۆ مامۆستا شل بکات، ئیتر چۆن دەتوانێ بەردەوام بێت بە شێوەیەکی شارستانییانە لە خوێندن وچۆن توشی دڵەڕاوکێ نابێت؟

4_ قوتابی لەبەر ئەوەی چی وەک تەمەن و چی وەک تاکێک گوێڕایەڵی مامۆستایە و ڕێزی لێدەگرێ، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و زۆرتریش لە شارە بچووکەکان و دیهاتەکان، و مامۆستا بە سەرچاوەی هەموو مەعریفە و چارەسەری هەموو کێشەکان دەزانێت. و هاتووە بۆ وەرگرتنی مەعریفە، کەوابوو بەرنامە و مامۆستا کار دەکاتە سەری بۆ ئامادە کردنی لە بیرکردنەوە، و بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەک کە شوێنی ئارەزووەکانی تری تێدا نەبێت، ئەلێرە مامۆستا ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت، و ئەگەر ئەو مامۆستایە بەو بەرنامەیە کا دانراوە بۆ وانەی ئاین

وتنەوە( تایبەتیش بێت بە یەک ئاین و مولتەزمیش بێت بە ئاینەکە). ئەوا بە ئاسانی قوتابیان دەکەونە ژێر کارتێکردنی مامۆستاوە و ئەو کاتە بە بێ ئەوەی ئاگامان لێبێت بیروباوەڕی ئاینی و یەک ڕەنگ و بگرە ڕق و قینە درووست دەبێت لە نێوان قوتابیانی ئیماندار و بێئیمان و سەر بە ئاینەکانی تر. بە جووداکردنەوەی ئاین ئەم چورە لە توندوتیژی ڕوو نادات.

5_ بە دوورخستنەوەی ئاین لە قوتابخانە کەشوهەوایەک درووست دەکات بۆ یەک قەبوولکردن و تەساموح و منداڵان بیریان لای مەسەلەکانی دەرەوەی توانای مرۆڤ نابێت، ئەمەش بەوەی وانەیەک هەبێت باس لە هەموو داستانەکان و شارستانییەتەکان بکات کە باسیان لە سروشت ونهێنییەکانی کردووە و چیرۆکە کۆنەکان، ئەمە دەبێت هۆی ئەوە زانیاریان هەبێت کەوا زۆربەی ئاینەکان و داستانە کۆنەکان و بەشەکانی شارستانییەت زۆر تێکەڵن و کاریان کردووەتە سەر یەکتری. بەم شێوەیە دوور دەکەونەوە لە توندڕەوی. ئەمە یەکێکە لەو بەرنامانەی بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی خوێندن دەست نیشان دەکرێت لەو وڵاتانەی کە ئاینیان لە دەسەڵات جیاکردووەتەوە.

6_ تێکڵاوبوونی کچان و کوڕان یەکێکە لەو بەرنامە هەرە سەرکەوتووانە کە هێزێکی باش دەداتە قووتابی و ڕۆژ بە ڕۆژ کچان متمانەیان بە خۆ دەبێت و دووردەکەونەوە لە خەمۆکی و بەشداری هەموو چالاکییەکان دەکەن. ئیتر ڕۆحی یەکسانی لای کۆڕان درووست دەبێت کە دەبینی هەمان بەرنامە و هەمان تاقیکردنەوەکان بۆ هەردوو ڕەگەزە و کچانیش بە توانان بۆ بڕینی قۆناغەکانی خوێندن، ئیتر بە چاوی پلە دوو سەیری کچان ناکەن و کاریش دەکاتە سەر کۆمەڵگە بۆ گۆڕینی ئەم تێڕوانینە کە کۆمەڵگەی کوردستان پێوە دەناڵێنی لە نەفی کردنی ژنانەوە.

7_ وانەی وەرزش و هونەر کارێکی ئیجابی دەکاتە سەر قوتابیان، بە هەموو بەشەکانی وەرزش. هەندێ بەشی وەرزش لە ڕوانگەی ئاینەوە نابێت و ڕێگەی پێنادرێت وەیاخود دەبێت تەنها لە نێوان خودی کچاندا بکرێت.

8_ گەشت وگوزار، نەک تەنها بۆ خۆشی و بینینی سرووشت پێویستە، بەڵکو بۆ گەلەری و شوێنە مێژوویەکان و تاقیگە زانستییەکان. ئەمە بەرنامەیە زۆر گرنگی پێدەدرێت لە وڵاتە ئەوروپییەکان و خەرجی زۆری بۆ ئامادە دەکرێت.